KURDISTAN NET
www.kurdistannet.org
بەكاتی ناوەندی ئەوروپا 13:01 24-2-2007

## سوتەمەنی وبەشەناوخۆیەكان ... جەلال هۆرێنی



گرفتەكانی ئەم گۆمەڵگایەهێندە زۆرن بەئەژمارنایێت، لەجیاتی ئەوەی هاووڵاتیان بیر لەپێشكەوتنەكانی جیهان بكەنەوەوبەدوای تازەترین زانیاری وتەكنیكی نوی بگەرێن كەچی بەدوای (كارەبا وسوتەمەنی وباڵەخانەی نیشتەجێبوون و. . . . . هیتد) دەگەرێن. ئەم گرفتە بەس هاووڵاتیانی نەگردوەتەوە، بەڵكو قوتابیانیش بەشێكی هەرەزووریان بەركەوتووە، بەشەناوخۆیەكانی كوردستان بەقەد ماڵە وەزیرەكان و جێگرەكانیان و بەریوبەرەكان نابێت كەچی ئەوان هەریەكە مۆلیدەیەكی هەیە بەكەیفی خۆی لەبەنزینخانەكانیش سووتەمەنی وەردەگەرێت قوتابیانی بەشەناخۆیەكانیش شەوانە بەدیار چرایەك دادەنیشن ولەبی نەوتیدا نەسۆپا دادەگیرسێنن ونەكارەبایشیان هەیە كە كەمێك رۆشنایان هەبێت زۆر جاریش لەبەرچۆلەی چێشتلێنان دەبێت خۆیان گەرم بكەنەوە تاوەكو بەیانی بۆنی غازكوێریان بكات وچاویشیان سوور هەڵدەگەرێت وكاكی مامۆستایش بەدنیایەك عیلمی پرلەحزبایەتی بەخۆزلزانین دێتە ژوورەوەو دەڵێت دەبێت خوێندنەوەتان هەبێت بۆ بەیانی ئەگینا كەس ناكەمەژوورەوە. كاتێك قوتابیەك دەڵێت مامۆستا داواكاریەكانمان بۆجی بەجی بكەن لەبەشەناوخۆیەكان بەبی یەك ودوو پی دەڵێن قسەمەكە با دەردنەكەین باشتر وایە بی دەنگ بیت پیویستە لەسەرت ئێمە هەرچیمان ووت باێن وایە قوربان قسەی ئێوە راستە. كەچی كاكی وەزیر وبەرپرسی ئەوشوێنانە بیرێك لەوناكەنەوە ئەوانە نەوەی دوارۆژو ئایندەی ئەم میللەتەن، تاوەكو لەكاتی هەڵبژاردندا پێان دەڵێن قوتابیان سەرچڵی كۆمەڵگان و چی وچی وچی، لەدوای هەڵبژاردنیش داواكانیان بەپۆستە رەوانەی زبڵخانەكانی دەرەوەی شاردەكەن و دەیانكەن بە خۆڵەمێش.

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكەیەتی كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.